کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1-5-2007 21:43

## وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئافرەتان و ژنان سەردانی وەزارەتی ئەوقاف دەکات ... ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف

شاندێکی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان بەسەرۆکایەتی دکتۆرە (جینان قاسم) وەزیری هەرێم و ئەندامێتی (دکتۆرە شەهبال مەعروف دزەیی) ڕاوێژکاری وەزارەت بۆ کاروباری ژنان و ئافرەتان، سەردانی وەزارەتی ئەوقافی کرد و لەگەڵ (شێخ محەمەد ئەحمەد سەعید شاکەلی) وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی کۆبۆوە، لەدیدارێکدا کە ڕاوێژکار و چەند بەرپرسێکی وەزارەت ئامادەبوون، باس لەگرنگی هەماهەنگی و هاوکاری هەردولا بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان کرا و لەسەر یاسای باری کەسێتی گفتوگۆکرا کە لەپەرلەمانی کوردستاندا مشتومڕی لەسەرە، هەروەها بریاردرا زنجیرە کۆروسیمینارێکی هاوبەش لەنێوان وەزارەتی ئەوقاف و وەزارەتی کاروباری ژنان و ئافرەتان ئەنجام بدرێت بەمەبەستی نزیککردنەوەی بیروبۆچونەکان و تێگەیشتنی هاوبەش بۆ ئامادەکردنی یاساو بەرنامەی گونجاو کە لەخزمەت بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەی کوردەواریدابێت و تایبەتمەندیە کلتوری و ئاینیە ڕەسەنەکان و ئازادیەگشتیەکانی تێدا ڕەچاو کرابێت، شاندی میوان خۆشحاڵی خۆی بۆ هاوکاری کاروباری ژنان و ئافرەتان دەربڕی ستایشی بەرنامە و پلانی وەزارەت لەمبارەیەوە کرا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.